ئەنفالستان دووساڵە هاتۆتە دنیای ڕۆژنامەوانییەوەو لە ساڵیادی ئەنفالدا دەردەچێت, پارساڵ ژمارەی یەکەمی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە دەرکراو برای ڕۆژنامەنووس کاک عومەر محەمەدکرایە سەرنوسەری, کەچی ئەمساڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری دەرچوونی ژمارەی دووەمی نەگرتە ئەستۆ! بەڵام سەرنوسەر لەسەر داهاتی خۆی ژمارەی دووەمی بەچاپ گەیاند, ئێمەویڕای دەستخۆشی بۆڕونکردنەوەی ئەم مەسەلەیەو ڕونکردنەوەی چەند لایەنێکی تر, پێمان باش بوو ڕاسەوخۆ سەرنوسەری ئەنفالستان بدوێنین, بەسوپاسەوەئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



**خەڵك : سەرەتای بیرۆکەی دەرچوونی  ئەنفالستان لەکوێوە دەست پێدەکات؟**

وەڵام : ساڵی رابووردوو دەرەنگ وەختێك برای بەرێزم کاك خالد حەمەلاو  کە کارمەندی بەشی راگەیاندنی وەزارەتی ڕۆشنبیریە تەلەفۆنی بۆکردمووپێی ڕاگەیاندم : کە بەنیازی  کەرنەڤاڵێکی گەورەن بۆیادی ئەنفال‌و  لە میانیشیدا دەیانەوێت بڵاوکراوەیەك دەربکەن, بەڵام بیرۆکەی دەرکردنی ئەنفالستان لەلایەن وەزارەتەوە بەم شێوەی ئێستا نەبوو هەرلەوپەیوەندیە تەلەفۆنییەدا داوای لە من کرد کە ئەرکی دەرکردنی بڵاوکراوەکە بگرمە ئەستۆ, منیش بێ دوودڵی چووم بەدەم داواکەیەوە, بەڵام کەچوینە ناو ووردەکاری بەرنامەی کەرنەڤاڵەکەوە, هەستم کرد بڵاوکراوەکە لەلای وەزارەت تەنها بڵاوکراوەیەکی هەواڵی بوو وەك زمانحاڵی کەرنەڤاڵەکەوبەس, بەڵام من بەوە ڕازی نەبووم داوام کرد بڵاوکراوەکە بەشێکی گرنگبێت لەوکەرنەڤاڵە, چونکە من بەوە ڕازی نەدەبووم کاتی خۆم بەوە بەفیرۆبدەم بۆئەوەی بڵاوکراوەیەکی کرچ‌وکاڵ دەرکەم‌و خەریکی ڕۆتینات بمویادێکی روکەشی ئەنفالەکان بکەمەووبەس, ئیدی کە ئەندامانی لیژنەکە دانیشتین, من پێشنیاری خۆم خستە بەردەمیان‌وداوام کرد ساڵنامەکەدەوڵەمەندتربێ‌وناوی تایبەتی خۆی هەبێ, بەسوپاسەوە بێ مشتومڕ پێشنیارەکەمیان قەبوڵکردو هەرلەوێش پێشنیاری دوو ناوم کرد(ئەنفالنامە)یان( ئەنفالستان) بۆبڵاوکراوەکە, دواجار بەرێز وەزیری ڕۆشنبیری کەسەرۆکی لیژنەکەش بوولایەنگری لە ناوی ئەنفالستان کردومنیش هەرئەوم هەڵبژارد.

**خەڵك : بۆچی ئەنفالستان؟ هەست ناکەیت ئەم ناوە زۆر لەمەرگەوە نزیکترە تالە ژیان؟**

وەڵام : نا ..نەخێر, ئەنفال مێژوویەکی درێژی هەیە, پێت سەیر نەبێت ئێستا ئێمە خۆشمان لەمەرگەوە نزیکترین تالەژیان! ئێمە دەمێکە شێوازەکانی مەرگمان لەسەر تاقی دەکرێتەوە, کورد لەمێژە لەناوپرۆسەی ئەنفالدایەو بەرانبەرئەومەترسیەگەورەیە خەمساردە, ئەنفال بە جۆرێك کاری کردووەتە سەرمان تەواوی بونیادی کۆمەڵایەتی گۆڕیوین, هەر ئەم دەڤەری گەرمیانەی ئێوە ئیستاشی لەگەڵ بێت خەڵکەکەی هەرواکەمێك لەملای مەرگەوە دەژین, هەرگیز پێم وانیە ئەنفال لەساڵی هەشتاوهەشتەوە بەسەر ئێمەدا پیادەبکرێت, بەپێچەوانەوە زۆر دەمێکە کوردستان بووەتە ئەنفالستان, لە سەرەتای بیستەکانەوە کورد لە ژێرزەبروزەنگێکی ترسناکدایە, مامەڵەی دڕندانەی لەگەڵ دەکرێت, جینۆساید دەکرێت, لەبەرانبەر هەرجوڵانەوەیەکیدا چەندین دەستەواژەی نامرۆڤانەی خراوەتەپاڵ وەك (کافر, لادەرو موخەڕیب‌و سەرلێشێواو..هتد) ئەم دەستەواژە ناشرینانە لەچ کلتورێکەوە سەرچاوە دەگرن؟ هەموو ئەمانە بەرهەمی بیری شۆڤینیزمی عەرەبین‌و ڕگێکی قوڵی لەئاینداییەوپشت ئەستوورە بەتۆڵەکردنەوەوبڕوای بەپاکتاوکردن‌وسڕینەوەی یەکجاری نەیار هەیە. هەروەکو دیمان بەعس لەگەڵ ئێمە کردی, بەهەرحاڵ بائێمە زۆر ڕۆنەچینە مێژووەوە بەڵکو ئاوڕدانەوەیەکی بچوکمان بەسە, رابوردووی ئەنفال‌وبێسەروو شوێنکردنی بەرزانیەکان زۆر لێمانەوە دورنیە ئەویش هەر لەسەرەتای هەشتاکاندا ئەنجامدرا, لەڕاستیدامن بۆیە ئەنفالستانم هەڵبژارد لەبەرئەوەی پێم وایە تاهەنوکەش کەبەعس لەگوڕنراوە ئەنفال بەردەوامە! ئەفسوس تا ئێستاش کلتوری ئەنفالچیەکان زاڵترەلەکلتوری ئازادیخوازەکان, ڕەوشت‌وئاکاری مەرگدۆستی لە ژیاندۆستی بەرچاوترە. رژێمی بەعس ڕوخاوە کەچی بەعسیزم بە زیندوویی لەنێوماندا دەژی! کەوایە ئێرە بۆئەنفالستان نەبێت؟ من بڕوام بەوە نیە لەیادی ئەنفالەکاندا تەنها لەسەر مەرگ بوەستین, بەڵکو زۆر گرنگە هەنگاوبەرەو ژیان هەڵبێنینەوە, ناشێت کوردوکەس‌وکاری ئەنفالکراوەکان بێنینە گریان بەبێ ئەوەی زەردەخەنەیەکمان پێ بێت بۆیان. پێم باش نیە خۆمان بەهەڵدانەوەی گۆڕەکانەوە خەریك بکەین, واباشە ڕێگەنەدەین چیدی گۆڕی تربەجەستەوڕۆحمان پڕبکەنەوە, زانیمان بەعس چۆن کۆمەڵ کوژیکردووین, بەڵام گرنگتر ئەوەیە بزانین بەبێ بەعس بەبێ دەسەڵاتێکی‌تری تۆتالیتارچۆن دەژین‌وچۆن تام لە ژیاندەکەین؟ ئەوانەی ئۆپزسیونی بەعس بوون چ جۆرە ژیانێك هەڵدەبژێرن, لەکوێدا جیاوازی خۆیان لەگەڵ بەعس پیشاندەدەن, بەڵام بەداخەوە مەترسیەکە لەوەدایە حزبەکانمان دەزانن چۆنبمانخەنە گریان, بەڵام ناتوانن بمانخەنە پێکەنین. ئەی مەرگدۆستی چیە؟ ووتەیەك هەیە دەڵێت: دەسەڵاتی خراپ ئۆپزسیونی خراپ درووست دەکات, ئەوەتا دەبینین ئۆپزسیونەکانی بەعس بەکوردیشەوە کە ئێستا لەدەسەڵاتدان, هیچ خەمێکی ئەنفال‌و دوبارە نەبوونەوەی ئەنفالیان لەبەر نیە! چیان کردووە؟ ئەوپەڕی وەزارەتێك یان ڕێکخراوێك درووست دەکەن بەناوی ئەنفالەوە, بەڵام ئەوڕێکحراوە هاتووە, جلەکۆنی لەنگە بەسەر کەس‌و کاری ئەنفالکراوەکاندا دابەش دەکات!! ئەگەر ئەمە

مرۆڤدۆستیو ئینسانیەت بێت ئەی نائینسانیەت چیە؟ ئەگەر ئەمە گەشەپێدانوبنیاتنانەوە بێت ئەی وێرانبوونوئەنفال چیە؟ ئێمە کەدژی ئەنفال بین, بەرلەهەمموو شتێك دەبێت ئەو دژوەستانەوەیە لە ئەخلاقیاتماندا ڕەنگ بداتەوە, بەڵام کەم نەبوون ئەوانەی بەناوی یارمەتیدانی ئەنفالەکانەوە, خۆیان دەوڵەمەندکرد, بەکەشخەترین سەیارەوجوانترین جلوبەرگەوە دەچوونە ناوشوێنی نیشتەجێبوونی مەحرومترین توێژی کۆمەڵایەتیەوەولەوێ خۆیان بادەدا!! ئەو هەموو ڕێکخراوە بەناو ئینسانیەی لەکوردستان هەبوون, ئەوهەمووو حزبوبەرپرسوبارەگایانەی دژی ئەنفالوبەعس بوون, ئەگەر تەنها هەریەکەیان مانگانە یەك دۆلاریان کەمتربدایە بە کارمەندوپاسەوانەکانیان, یان یەك بارەگای خۆیان کەمتر بکردایەتەوە, یەك سەیارەیان کەمتر بوایە, نەك هەردەیانتوانی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان مرۆڤانە بژێنن, بەڵکو برسێتییان لەکوردستان کەم دەکردەوە, ئاخرشوورەیی نیە باس لەئازادیودیموکراسیی بکەینوپیرەژنوپیرەپیاوو منداڵەکانی پاش ماوەی ئەنفال بەم شێوەیەی ئێستا بژین؟! بۆیە هەستناکەم ئێستاش ئەنفال کۆتایی هاتبێ, کەمێك دیقەت بەسە بۆئەوەی هەتا ئەمرۆش بەڕوونی بەردەوامی پرۆسەیترسناکی ئەنفال ببینین, خۆئەنفال هەرلە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا کورت نابێتەوە, هەتا ئەمرۆش پرۆسەی بەلادیی کردنی شارەکان بەردەوامە, لۆژیکی خێڵ لە نێوئیدارەی دەوڵەتوجێگرتنەوەی کاروباری دادگا لەهەندێك شوێنی ئەم وڵاتەدا ستراتیژێکی زەقی پرۆسەی نەگریسی ئەنفالەوتائێستا پیادە دەکرێت, ئیدی بۆئێرە ئەنفالستان نەبێت؟!.

**خەڵك : وەك دەرکەوت ژمارەی یەکەمی ئەنفالستان دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو, ئەمەش یەکێك بوو لە هەوڵە باشەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری, کەچی ئەمساڵ بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو وەزارەتی ڕۆشنبیری پاشەکشەی لەدەرکردنی کرد!! دەکرێت هۆکاری ئەم هەڵوێستەی وەزارەتمان بۆ ڕوونبکەیتەوە؟**

وەڵام : لەڕاستیدا ئەو پاشەکشەیەی وەزارەت بۆمنیش چاوەڕوان نەکراو بوو, هۆکاری ئەوە لای خۆیانە ئێوە دەتوانن ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزارەت بکەن, منیش زۆرم پێخۆشە هۆکارەکەی بزانم, وەك لەژمارە2دا ئەوەم ڕوونکردووەتەوە تا درەنگانێکیش بەڕێز وەزیری رۆشنبیری ناڕازی نەبووە لەدەرچوونی, من بەهیوای ئەوەبووم ستافێکی چالاکی بۆ دامەزرێنین, وەزیر لەسەرئەمەش هەر ڕەزامەند بوو, بەڵام لەکۆتایی مانگی ئازاردا بەشەفەیی نەك بەرەسمی پێی ڕاگەیاندم کە ئەنفالستان دەرناکەین, لەڕاستیدا من هیچ هۆکارێك نازانم هێندە نەبێ پار ئەنفالستان لەچوارچێوەی کەرنەڤاڵێکدا دەرچوو کەخەرجیوکێشەی خەرجکردنی کەرنەڤاڵەکە, پرسیاری زۆروگومانی زۆری بەداوی خۆیدا هێنا, بەڵام من وەك سەرنوسەری ئەنفالستان هیچ پەیوەندیم بەوکێشەیەوە نەبوو تەنانەت ئێستاش نازانم ژمارەی یەکەمی ئەنفالستان چەندی تێچووە!! ئەگەر دەرنەچونی ئەنفالستان پەیوەندی بە بێسەرەوبەرەیی خەرجی کەرنەڤاڵەکەوە هەبووبێ, ئەوە هەق نەبوو ئەنفالستان تیایدا لەبار بچێ, چونکە ئێستاش پارەی ئەووەسلانەم نەدرایەوە کە بۆدەرچوونی ساڵنامەکە خەرجم کردبوون, هەروەها نوسەرەکانیشی پاداشتی نوسینەکانیان وەرنەگرت, بەڵام هەندێك کەس پاداش کران کەنەك هەرماندوونەبوون, بەڵکوو بوونیان لەکەرنەڤاڵەکەوناویشیان لەسەر ساڵنامەکە زیادەبووا!

**خەڵك : ئەمساڵ جەنابت لێبراوانە دەرچوونی ساڵنامەکەت گرتە ئەستۆ, ئایا هیچ کۆسپ نەهاتە ڕێگەت؟ دەکرێت هەندێك لەکۆسپەکانمان بۆ ڕوونبکەیتەوە؟**

عومەر : لەڕاستیدا یەکەم کۆسپ لە درەنگ وەختی وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە دەستی پێکرد, ئەوان کاتێك ووتیان دەرینارکەین, کەکات زۆر درەنگ بوو, من لەتاقیکردنەوەکانی دوای نیوەی ساڵدابووم ولەئیمتحانەکانی سەری ساڵ نزیك دەبوومەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر سوربووم لەسەر دەرچوونی, ڕاستە هەندێك کەس هاوکاری ماددیومەعنەویم بوون لەوانە سەرنوسەری ئەم بڵاوکراوەیەو (بەرێوەبەری نوسین)یشی کاك وشیار, ئەوبەڕێزانەی لە ژمارە دووی ئەنفالستان ناویان هاتووە, , گەورەترین گرفتم ئەوەبوو بواری مۆڵەت وەرگرتنم نەبوولەرێکخراوە خێرخوازیەی کاری لێدەکەم! گرفتی تەنهایم هەبوو تەنانەت تایپیستم نەبوو لەسەروهەمموو شیانەوە لەوماوەیەدا تەندروستیم خراپبوو هەفتەیەك لەجێگەدا کەوتم هەرچەندە ڕاپۆرتی پزیشکم هەبوو, کەدەبێت پشووبدەم بەڵام من نەوەستام, زۆربەی تەنگژەکان کەوتنە ئەوماوەیەوە, بەڵام بڕیاری دەرکردنی ئەنفالستان لەلای خۆمەوە بڕابووەوەهەردەبوو دەرچێت. دواجار بەسەر هەمموو ئەوکۆسپانەشدا زاڵبووم, گەرچی فریای مەراسیمی یادی گۆپتەپە نەکەوت,بەڵام لەیادی کیمیابارانکردنی گۆپتەپەدا ئەنفالستان دەرچوو هەمان ڕۆژە بۆخۆم گەیاندمە گوندی گۆپتەپە .

**خەڵك : هۆی چیبوو ئەنفالستان لە4/14دا دەرنەچوو؟**

وەڵام : من لە ژمارە دوودا ڕونکردنەوەیەکی کورتم لەو بارەیەوە نوسیوە, لێرەش ئەوە دووبارە دەکەمەوە کەمن زۆر وابەستەنیم بەیادەکانەوە, چونکە یادەکان بەتایبەتی یادی ئەنفالوهەڵەبجە جۆرە ڕۆتینێکی ناشایستەی وەرگرتووە, پاریش ئەنفالستان لە4/14دا دەرنەچوو, بەداخەوە یادی ئەنفالوهەڵەبجە لەیادی دووکارەساتی گەورەی ئەم میللەتە ناچن !! کێ دەتوانێ پێم بسەلمێنێ کە تراژیدیای هۆلۆکۆست لەئەنفالی ئێمە گەورەترە؟ ئێمە خاوەنی هۆلۆکۆستی هەشتاکانین بەدەست شۆڤینیزمی عەرەبیەوە, قەرەبووی هۆلۆکۆست دەوڵەتی بۆ جولەکەکان لێکەوتەوە, ئێمە جگە لەوەی هەقی قەرەبووکردنەوەمان هەیە, لەڕووی یاساییەوە مافی دەوڵەتی سەربەخۆشمان هەیە, کوا مرۆڤایەتی قەرزارمانە چونکە لەکاتێکدا ئێمە ئەنفالوجینۆساید دەکراین سەرجەم مرۆڤایەتی لەبەرانبەرمان بێدەنگوخەمساردبوو, هەقمان لەسەر هەمموو ئەوکۆمپانیاووڵاتانەیە, کە چەکی کیمیایان داوە بەسەدام, کەچی هێشتا لەناوخۆشدا هەر بەئەنقەست, خەریکن کێشەکە بچووك دەکەنەوە, خەریکە ئەودوو ڕۆژە دەبێتە ڕۆژی

خۆنواندن, دەبێتە رۆژی بریندارکردنی کەس‌وکاری قوربانیەکان, ڕۆژی بەگریان هێنان‌وکولاندنەوەی برینەکان‌ولەوەش خراپتر ڕۆژی خۆدەوڵەمەند کردنی هەندێك کەس کەهەرگیز خەمی ئەوکارەساتەیان لەبەرنیەوبەشێوەیەکی تر درێژە بەپرۆسەی ئەنفالدەدەن, وەرن ئەودیمەنە بهێننە بەرچاو, شەوی 3/16/15 یادەوری چ کارەسات‌وحەسرەتێکە بۆمیللەتێك‌وبۆهەڵەبجەییەکان؟ بەتایبەتی بۆئەوانەی زۆرترین قوربانیانداوە, کەچی سیاسیەکی خەمسارد بەرلەوادەی یادکردنەوەکە چۆن خۆی بۆ ئامادە دەکات؟ دڵنیام دەچێت ڤاتێکی گران بەهای بۆدەکڕێ‌وخۆی بۆلەتیف تیفە دەدات و ئەوشەوە ئینشایەك ئامادە دەکاو سبەی بەپۆشتەیی دەچێتە سەرمایکرۆفۆن‌و, وەعدوبەڵێنێکی‌زۆر بەخەڵکی مەحرومی ئەوشارە دەدات(تەنها وەعدوبەلێن). لەوەش خراپتر بیستم بەناو ڕۆشنبیرێك لەیەکێك لە هۆتێلە ڕاقییەکانی سلێمانی ناردبوویان چەند ژورێکی نوستن بۆمیوانەکانی یادی هەڵەبجە بگرێت, کەچی بەتەنیشت ژووری میوانەکانەوە لەسەر بودجەی ئەو مەرگەساتە ژورێکی ڕاقی بۆخۆی‌وژنەکەشی گرتبوو, ئەوشەوە بەکەیفی خۆی خواردبووی‌وبەمەستی پاڵی لێدابووەوە, بەڵام دڵنیام هەرئەو شەوە دەیان هەڵەبجەیی خەو نەچووەتە چاویان, دڵنیام هەرئەوئێوارەیە هەڵەبجەیی هەبووە بەئازاری ئەوکارەساتەوە تلاوەتەوەوهیچی پێنەخوراوە, دڵنیام هەڵەبجەییەکان فرمێسکیان ڕشتووە, کەچی کەسانێك لەسەر حسابی ئەویادە خوێناویەش هێشتا خەریکی مشەخۆرین. هەموومان دەزانین ئەوگێراوانەی نوگرەوسەلمان‌وتۆپزاوا چ مەرگە ساتێك لە بێحورمەتی بە ئینسان دەگێڕنەوە لەلایەن بەعسیەکانەوە؟ ئەی شەرم نیە ناتەندروستێك بەناوی رۆشنبیرەوە رەفتاری هەمان رەفتاری بەعسیەکان بێت؟ لەسەرحسابی ئەوانە بژی‌وبخواودەوڵەمەندبێت؟! خۆ کەسمان لەو ڕاستیە غافڵ نین ئەو سەروەختەی ئەنفالی تێداکراهەرئەوانە بەزمی شەوانەی نادیەکان‌وئاهەنگەکانی پلەدارەکانی بەعسیان گەرم دەکردوو ئەمرۆش لەسەرخەرجی ئەویادانە پێکی شەرمەزاری دەنۆشنومەجلیسی قسەی قۆڕگەرم دەکەن! بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی بەعسیشەوە ئەمانە نوسەروئینشانوس‌وبەزم گێڕبوون, ئەم جۆرەکەسانە وەك دوێنێ تەندروست نەبوون ئەمرۆش هەربەدەردی دوێنیانەوە دەتلێنەوە,ئەمەش راستەوخۆ حکومەت لێی بەرپرسیارە,چونکە مشەخۆر هەرمشەخۆرە من ئەوانەم بەلاوە گرنگ نیە ئەوەم بەلاوە گرنگە منداڵێك لە هەندەران دەخیلەکەی خۆی پێشکەش دەکات تا فرانس ڤانیی پێدادگایی بکرێ ئەومنداله نەوەی دوارۆژە نەك کۆنە بەعسیەکان یان ئەوانەی رەفتاریان لەوان دەچێت, بۆیە منیش خۆم لەو رۆژانە بەدووردەگرم ئەمساڵ لەیادی گۆپتەپە ئەنفالستانم دەرکرد, بەڵام بەتەمام ئەگەرتەمەن بواربدات ساڵێکی تر لەیادی کیمیابارانی سێوسینان دەرچێ, ڕاستە رۆژی 4/14 زۆرترین خەڵکی گەرمیان گیران بەڵام پرۆسەی نەگریسی ئەنفال 200رۆژی خایاندوهەموو رۆژەکانیشی مەرگەساتی بێوێنەبوون, ئەو ڕۆژانە هەموویان سوکایەتی تێیاندابەکوردو مرۆڤایەتی لەلوتکەی بەربەریەتدابوو, ئەو رۆژانەی بۆکورد دۆزەخ‌وبۆبەعس سەرکەوتن بوون.

**خەڵك : پرۆژەی داهاتووتان لەچوارچێوەی ساڵنامەی ئەنفالستاندا چی دەبێت؟!**

پرۆژەیەکی دیاریکراوم نیە ئێستا لێرەدا باسی بکەم بەڵام ئەگەر بتوانم سەرچاوەیەکی مادی بدۆزمەوە, بەدڵنیایەوە ئەنفالستان خۆی پرۆژەیە دەکرێت دەوڵمەند تربکرێت, ئەوەی تاکو ئێستا بۆی نەلواوە یان نەیتوانیوە دەستی بۆ بەرێت ئیدی دەستی بۆ بەرێت. یەکەمین ئەرکێك کەدەبێت ئەنفالستان بیگرێتە ئەستۆ ئەوەیە هەوڵبدات تاوانبارانی ئەوکارەساتە بێنێتە قسە من نازانم حکومەتی هەرێم تاچەند هاوکاریمان دەکات لەم نیازە, بەڵام هاوکاری حکومەت رۆڵی گرنگ دەبینێت لەوەها مەسەلەیەکدا. من نامەوێت ئەنفالستان مەرگدۆست بێت, نامەوێت بۆپاشەوە بڕوانێت, بەڵکو دەبێت هەمیشە بۆپێشەوە بڕوانێت, ئەمرۆ قسەکردن لەسەر ئەنفال ئاوڕدانەوەیەکی پێویستە بۆ دوێنێی خۆمان, هەڵوەستەیە لە ڕابووردوو, بەڵام هەرگیز نابێت ڕووەورابوردوو هەنگاو بنێین, مەبەست لە بەدەنگ هێنانی تاوانباران لە پرۆسەی ئەنفالدا ئەوەنیە, بیانهێنین تۆڵەیان لێبکەینەوە, بیانهێنین سووکایەتیان پێبکەین, بەپێچەوانەوە مەبەست لەوەیە ئەگەر بەرلێبوردن کەوتوون بەڕاستی سوود لە لێبوردن وەربگرن, قسەکانی ئەوان هەندێك لایەنی تاریکی ئەومەرگەساتەی ئەنفال ئاشکرابکەن, دڵنیام ئێستا موستەشار هەیە دەخوازێت دەرگایەکی ڕەسمی لەبەردەمدا بکرێتەوەوئەگەرتەنها وەك دیفاع لەخۆکردنیش بێت دەیەوێت قسەبکات, بەڵام کێ ئەودەرگایەی بۆبکاتەوە ئەوخۆی بەقەرزاری حزب دەزانێت چونکە حزب لێیان بوراوەولەچنگی خەڵك پاراستوونی کەی حزب دەرگای قسەکردنی لەکەناڵەکانی راگەیاندا بۆکردنەوە پێم وانیە هێندە ئەستەم بێت بەلایانەوە, کەبێن‌وچۆنیەتی تێوەگلانی خۆیان لەتاوانەکە ڕوونبکەنەوە, لێکۆلینەوەی زانستی‌و توێژینەوەی سایکۆلۆژی لەبارەوە بکەن, داوای لیبوردن بکەنئەمە بۆنەوەی ئایندە بۆ دوارۆژی میژوو گەلێك سودی لێوەردەگرین,

خەڵك : وەزارەتەکانی ئاوارەو ئەنفال لەحکومەتەکانی هەولێروسلێمانی پاش دەرچوونی ژمارە دووی ئەنفالستان, هەڵوێستیان چی بوو؟ هیچ موبادەریەکیان نەبووە بۆئەوەی لەساڵی داهاتوو یارمەتیت بدەن؟

وەڵام : نەخێر.